## بەشی یەکەم:

1. پێناسەی گشتی گەشەپێدان چییە؟
2. هەندێک تایبەتمەندی سەرەکی گەشەپێدان چین؟
3. بۆچی گەشەپێدان بە فرەڕەهەند دادەنرێت؟
4. ڕەهەندەکانی گەشەپێدان چین، بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە؟
5. گەشەپێدان چۆن پەیوەندی بە پێداویستیەکانی مرۆڤەوە هەیە؟
6. پرۆسەی گەشەپێدان چی لەخۆدەگرێت؟
7. مەبەستی گەشەپێدان پرۆسەیەکی ئەرێنی چییە؟
8. ئەو چوار جۆرە سەرەکییەی گەشەپێدان کە لە بابەتەکەدا باسکراون چین؟
9. ئامانجی گەشەپێدانی هەمەلایەنە چییە؟
10. گەشەپێدانی بەردەوام چۆن جیاوازە لە جۆرەکانی تری گەشەپێدان؟
11. ئامانجی گەشەپێدانی یەکگرتوو چییە؟
12. گەشەپێدانی تایبەتمەند چییە؟
13. گەشەپێدانی ئابووری چی دەکات؟
14. چۆن گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەشدارە لە کۆمەڵگەیەکدا؟
15. گەشەپێدانی سیاسی پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟

## بەشی دووەم:

16. ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چییە؟
17. ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چیین باسیان بکە؟
18. فەلسەفەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر چی دامەزراوە؟
19. بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چین بیان ژمێرە و باسیان بکە؟
20. چۆن بەربەستە کولتوورییەکان کاریگەرییان لەسەر پرۆژەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەبێت؟

## بەشی سێیەم:

21. ڕۆڵی دەوڵەت لە بەستنەوەی پێکهاتەی دانیشتووان بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چییە؟
22. ئەو چوار ڕەهەندە سەرەکییە چین کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن لە کاتی داڕشتنی سیاسەتی ستراتیژی بۆ دانیشتووان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی؟

23. گەشەی دانیشتوان چۆن کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە؟

24. کاریگەری ئاستی بەرزی داهات لەسەر تەندروستی تاک و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چییە؟

25. بۆچی خێزانە بچووکەکان زیاتر سوودمەندن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی؟

26. پەیوەندی نێوان گەشەی دانیشتوان و بازاڕی کار چییە؟

27. گەشەی دانیشتوان چۆن کاریگەری لەسەر خواست لەسەر کاڵا و خزمەتگوزاری هەیە؟

28. ئەو ئاڕاستەیەی کە گەشەی دانیشتوان بە باش دەزانێت لەسەر سوودەکانی زیادبوونی دانیشتوان چی دەڵێن؟

29. پەروەردە بە تایبەتی بۆ ژنان چۆن کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتووان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە؟

30. ڕوانگەی فەیلەسوفە یۆنانیەکان چی بوو سەبارەت بە دانیشتووان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی؟

31. ڕوانگەی ڕۆمانییەکان سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان جەختی لەسەر چی دەکردەوە؟

32. ئەو ئاڕاستەیەی کە وای دەبینێت گەشەی دانیشتوان کاریگەری خراپی لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە هەیە، ڕوانگەکانیان لەسەر چی بوونیاد ناوە؟

33. ئاستی داهات چۆن کاریگەری لەسەر ڕێژەی مردن هەیە لە کۆمەڵگەدا؟

34. بێکاری چ ڕۆڵێکی هەیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا؟

35. چۆن ڕاهێنانی پیشەیی و پەرەپێدانی کارامەیی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی بێکاری؟

## بەشی چوارەم:

36. گرنگی بەشداری جەماوەری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا چییە؟

37. گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بەشداری جەماوەری چین؟

38. دوو شێوازی سەرەکی بەشداریکردنی جەماوەری هەن، چین؟

39. ئامانجەکانی بەشداری جەماوەری لە پرۆژەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا چین؟

40. ئەو بنەمایانە چین کە سەرکەوتنی بەشداری جەماوەری مسۆگەر دەکەن باسیان بکە؟

41. قۆناغەکانی بەشداری جەماوەری چین بژمێرە؟

42. ئامرازەکانی بەشداری جەماوەری چین باسیان بکە؟